کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-10-2007 20:52 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

ئۆکتوبەر/2007/ سوید

**پەندی پێشینانە دیارە، کەجێگەی مشت، پێلەقەیە!! ... نەجمەدین شێخ بزێنی**

دەستان خۆش لاوانی ژیرو، نیشتمان پەروەرو، بەئەمەکی کوردستان، بۆ ڕاگەیاندنی کۆمەڵەکانتان (کۆمەڵەی لاوانی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب وکۆمەڵەی بەرەنگاربونەوەی کەرکوک) پێشەکی لەگەڵ ئەوەشداهەندێ تێبینیم هەیە لەسەرناوەڕۆکی بەڵاوکراوە سەرەتاییەکانتاندا، پڕبەدڵ دەست خۆشکەریتان لێ ئەکەم، وەهیوای سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازم لە ئامانجە پیرۆزەکانتاندا، لەپێناوی خزمەت کردن بەگەلو نیشتمانە پیرۆزەکەتان. دیارە پارێزگاری کردنی گەلو نیشتمان، بە پلەی یەکەم هەرئەکەوێتە سەر ئەستۆی لاوانی دڵسۆزو بەئەمەک، دیارە هەمو نەتەوەیێک پشت ئەستورن بەلاوەکانانەوە، نەخواستمە نەتەوەی ماف پێشێل کراو!.



ئەگەر بروانینە مێژوی گەلان، کەنەتەوەی کوردیش یەکێکە لە کۆنترینی ئەوگەلانە، لەهەرێمی ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەت لەچوارگۆشەی دراوسی و دەورو بەری خۆیدا، بەدی ناکرێت نەتەوەیێک هەبێت بەقەت نەتەوەی کورد، دڵپاک و خۆش باوڕو بەئەمەکو، جوانمێر، کەبەبەڵگەش سەلماندویەتی!! بۆ نمونە، لەڕوی دڵپاکیەوە: هەر پابەندبونی بەئاینی ئیسلامی پیرۆزەوە جوانترینبەڵگەیە بەدرێژایی زیاتر لە (13) سەدە، ئەو هەمو فرۆفێڵەی لەژێر پەردەی ئیسلامەتیدا بەرانبەر کراو گوایە ئیسلام هەموی برایەو، جیاوازیان نیە، ڕۆژێ لەڕۆژان نەی پرسی ئەرێ بۆ زمانم لێ بڤەیە؟! بۆ نابێت فەرمودەکانی خوداو پێغەمبەری خودا، بکەم بەزوبانی خۆم ولێی تێبگەم؟!

لەڕوی خۆش باوڕیەوە: ئەوە ئاشکرایە چەندین کێشەی نەتەوایەتی ڕویداوە لەگەڵ دراوسێکانیدا، وەکوداگیرکەر. لەپاش ئەوەی لەڕوی سەربازیەوە نەیان توانیوە زاڵبن بەسەریاندا، داوای دیالۆگیان کردووە، توانیویانە بەدو بەڵێن و پەیمان لەسەرشەرف

بڕوایان پێبێنن، لەئەنجامدا توشی شکستی هاتونە! جوانترین بەڵگەش: میر محەمەد ڕەواندوزی (میری سۆران) لەگەڵ تورک دا، قازی محەمەدلەگەڵ فارسدا، نەمرموستەفا بارزانی لەگەڵ عەرەبدا!! لەڕوی بەئەمەکیەوە: هیچ کات پەیمان شکێن نەبونەو، پەلاماری بەناڕەوای هێج نەتەوەیێکیان نەداوە، لەبەرگری کردن لەخۆ زیاتر، ئەوەش مافێکی ڕەوای هەمو تاکو کۆمەڵێکە. لەڕوی جوانمێریەوە: ئەوەش، ئەوەمێژو لەبەر چاوە کەهیچ کاتێ ئەگەردەرفەتێکی بۆ هەڵکەوتبێ، ملی کەچ نەکردووەو، پەلاماری چەکی داوەو لەمردن و ماڵوێرانی نەترساوە، بەڵام بێ هاوپەیمانی و بێ پشتگیری لێکردنی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی لەلایێک، لەلایێکی تریشەوە زۆری و بەتوانایی‌و تەڵەکەبازی دوژمنەکانی وای کردووە کەڕۆژی بگات بەم ڕۆژەو هەر ئەوها بەژێر دەستەیی و ماف پێشێل کراوی بمێنێتەوە!! هەروەها ئەگەرسەیری هەڵوێستی کەڵە پیاوانی کورد بکەین لەسەر ئاستی ئاینی و ڕامیاری و هونەری و ڕۆشنبیریدا، ئەبێتە جێگەی سەرسوڕمان، کە چ خزمەتێکیان بەنەتەواکانی بێگانە وەکو: تورکو، فارس و، عەرەب کردووە؟! بەڵام تاکوئێستاکەش کەڵە پیاوێک، وەیادەسەڵات دارێکی ناوداری ئەو نەتەوانە بدۆزنەوە، کەنەک خزمەت کردن بەهونەرو کولتوری کوردیان کردبێ، وەیا داکۆکیان لەمافی ڕەوای نەتەوایەتیان کردبێت، بەڵکو هیچ هەڵوێستێکیشان نەبووە، لەبەرانبەری ئەوهەمو تاوانکاریانەدا کەبەرانبەر بەگەلی کورد کراوەو ئەکرێ، تەنهاچەند ڕۆشنبیرێک کەم نەبێت کەبەپەنجەی دەست

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-10-2007 20:52 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەژمێردرێن، هەندێ جاربەهۆنراوەیێک، وەیان بەووتارێک، گوزارشیان لەهەڵوێستی خۆیان کردووە. لێرەدا ئەمەوێت ئەوەش ڕابگەیێنم، کەمن لەگەڵ بەکارهێنانی هیچ جۆرە توندو تیژیێکی نەتەوەپەرستیدا نیم، لەبەرانبەر نەتەوەی تردا بەکار بهێندرێ، بەتایبەتیش کە پێچەوانەی هەڵوێستی سەرکردایەتی ڕامیاری (سیاسی) کوردبێت لەم کاتە ناسکەدا، هەروەکو ئاماژەم بەوەش کردووە، کە تێبینیم هەیە لەسەربەڵاوکراوەکانیان، بۆنمونە هیوادارم کەهەندی گۆڕانکاری بکەن لەبەکارهێنانی ووشە، لەدیالۆکدا، وەکو ووشەی (عەرەبی پاپەتی) ئێمە وەکو نەتەوە هەردەم ڕێزمان بۆ هەمو نەتەوەیێک هەبووە، وەهەر ئەشمان بێت، چونکە ئێمە دژی هیچ نەتەوەیێک نین، بڵکو دژی ڕژێمە داگیرکەرەکانیانین، وەکو نەتەوەش هەر نەتەوەیێک دژمانبن، دژیان ئەبین بەچەند قات! بەڵام دیارە ئەمڕۆش من دەست خۆشکەری لەو لاوە خۆێن گەرمانە ئەکەم، بونیان بۆ ئەمڕۆ بەپێویست ئەزانم بەبۆچونی خۆم!! ئەوەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، کەئەبینم، لەنەتەوەکانی تری دراوسێمان، چەندەهاڕێکخراوو، گروپی جۆراوجۆر پەیدا بونەو زۆر بەڕاشکاوانە بەرانگار بونەوەو بەرگری کردنی خۆیان ڕائەگەیێنن، لەدژی دەستکەوتو مافەڕەواکانی گەلەکەمان، کەلەکاتێکدا بەپێی یاسایێک دیاری کراوەو بڕیاری لەسەر دراوە لەلایەن هەرە زۆرینەی خەڵکی ئێراقەوە پەسەند کراوە، جگە لەوەش کەبەدرێژایی زیاتر لەسێ چارەکە سەدەیە کەگیان وماڵی لەپێناودا بەخت کراوە. ئەوەش وەک ئەوەوایە کە کورد هێچ توانایێکی نەبێت و دەستەوەستان بیت لەبەرانبەریاندا!! بەڵام ئەبێت زۆر باش بزانن کەلاوانی ئەمڕۆی گەلەکەمان، هەمان لاوانی ڕۆژانی گەلیکوردن، کەسڵیانلەدوژمنانی گەلی کوردنەکردۆتەوە لەڕابوردودا بگرە ئێستا زۆر بەکارترو دڵسۆزترو بەئەمەکترن لەجاران، چونکە کەبیر لەبەسەر هاتەکانی ڕابوردوی چەندین ساڵەی گەلەکەیان ئەکەنەوە، کە چ ناڕەوایێکو ماف پێشێل کارێێک کراوە بەرانبەربەنەتەوەکەیان بەستەمکاری، سەدئەوەندەی تر زیاتر بەجۆشو خروشتر ئەبن!!هەربۆیێ لەکۆتاییدا، دوبارەو سێبارە، دەست خۆشکەرییان لێ ئەکەم وداوایان لێ ئەکەم بەپێچەوانەی ڕێ نماییەکانی سەرکردایەتی سیاسی و حکومەتە پایەدارەکەی کوردستان کار نەکەن، هەردەم کارەکانیان لە پێشێل کاری یاساوسیاسەتی سەرکردایەتی کوردستان بەدور بێت. ڕێزی دڵسۆزی وخۆشە ویستیان لەبیرنەکەن، چونکە بەوە تیرێکی تری جگەربڕلەدڵی دوژ منان ئەدەن. بادوژمنانیش لەوە ئاگاداربن، لەهەمو بوارێکدا کورد لەوان کەمتر نیە ئەگەر زیاتر نەبێت، باباش بزانن پەندی پێشینانی باوکو باپیرانمانە: کەجێگەی مشت، پێلەقەیە!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.